
دیدارێکی نوێی نێوان ترەمپ و زەلینسکی بۆ تاوتوێکردنی پلانی ئاشتی 20 خاڵیدا



ڤلادیمیر زەلینسکی، سەرۆکی ئۆکرانیا ڕایگەیاند، پەدچێت ڕۆژی یەکشەممە لە فلۆریدا لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کۆببێتەوە، لە هەوڵێکدا بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر پلانێکی ئاشتی ئەمریکی بۆ ڕاگرتنی جەنگی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا کە لە سەرەتای ساڵی 2022ـەوە بەردەوامە و بەدیاری کراوی دوو بەربەرسی سەرەکی تاوتوێ دەکەن.

ڤلادیمیر زەلینسکی، لە پلاتفۆرمەکانی خۆیەوە کۆبوونەوەکەی ئاشکرا کرد و جەختیکردەوە کە ئۆکرانیا بە جیدی کار دەکات بۆ بەردەوامبون لە گفتوگۆکانی ئاشتی و"زۆر شت دەکرێت پێش هاتنی سەری ساڵ یەکلا بکرێتەوە".

لە لێدوانێکی دواتردا بۆ ڕۆژنامەنوسان، زەلینسکی ئاماژەی بۆ "کارنامەیەکی بەرفراوان" کرد بۆ کۆبوونەوەکە ترەمپ لە هاوینەهەواری "مارالاگۆ"، و ڕونیکردەوە کە بابەتەکانی گفتوگۆکردن گرنگترین دو خاڵی ناکۆکی نێوان واشنتن و کیێف لە دانوستانەکانی ئاشتیدا دەگرێتەوە.

بەوتەی زەلینسکی، دو بەربەستەکەی بەردەم ڕێککەوتنی ئاشتی بریتیە لە چارنوسی ناوچەی دۆنباس لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، و وەستگەی وزەی ئەتۆمی زاپۆریژیا کە ڕوسیا کۆنترۆڵیکردوە.

زلەنسکی ئەم هەفتەیە پلانێکی هەموارکراوی 20 خاڵی بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ ئاشکرا کرد، کە بە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتوەکان پێرێپێدراوە، و کەمەک پرسی بەرفراوان دیگرتوە کاتکدا ترەمپ پشتر هایگیاندبو کە لەگەڵ زلەنسکی کنابتوە تنها کاتک نبەت کە هەردو لایەن لە گیشتن بە هەکوتنی ئاشتی نزیک ببنوە.